حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی(٣٨)

# حەبسەخانی نەقیب لە ئاوێنەی مێژوودا

دانانی
رۆوف عوسمان

پێشکەشە

بە دایکم

کە یەکێکە لە هاوڕێ دڵسۆزەکانی

حەبسەخانی نەقیب

حەپسەخانی نەقیب ئەو خانمە زیرەك و هوشیارو چاو نەترسە بوو کە جێی پەنجەی بەسەر ڕووداوو دیاردە کۆمەڵایەتی و زانیاری و سیاسیەکانی سەردەمەکەیدا دیارو بەڵگە نەویست بوو، تەنانەت دوژمنە خوێن خۆرەکانی گەلەکەشمان نەیانتوانیوە نکوولی لێ بکەن، بەبالا بڕین و هەڵسەنگاندنی کەسێتی ئەم خانمە کوردە میهرەبان و تێکۆشەرە هەرگیز دانابڕێت لە زنجیرەیەك قۆناخی پڕ بایەخ و جەنجاڵ و چارەنووسسازی مێژووی میللەتەکەمان، دەتوانم ئەوە بڵێم کە حەپسەخان دەرەنجام و پالارتەی بارە شارستانی و ئیجابیەکەی ئەو قۆناغە گرنگانەی دوو سەد ساڵی دوایی کوردستانی باشووره.

ئەم ژنە بلیمەت و هۆشیارە، ئەندامێکی هەڵکەوتەی ئەو بنەماڵە زاناو شۆڕشگێڕو شارستانیەیە کەسەدان ساڵە قۆڵی جوامێرییان لێ هەڵماڵیوەو لەهەر بوارێکدا بۆیان ڕەخسابێت درێخیان نەکردووە و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانیان بەرەو پێش بردووە، بێ ئەوەی کۆ لە هیچ داگیرکەرو ملهوڕ و چڵکاو خۆرێك بکەن و لەو بوارەشدا بەندێتی و دوورخستنەوەو ئازارو ئەشکەنجەیان هاتۆتە ڕێ، نەك هەر ئەوەش، بەڵکوو خوێنی گەش و پاکی زۆریش لە جەستەی بنەماڵەکە چۆڕاوە، هەر لە شەهید کردنی شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی حاجی شێخ حەسەنەوە... هتد نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کەرك و دوژمنایەتی

ئینگلیزو بە گرێگراوەکانی هێند قورس بوو بەرامبەر بە مەلیك مەحمود، ئەوە بوو تەنانەت تەرمەکەشیان دایە بەر گوللە و خلّتانی خوێنیان کرد.
ئەگەر زانای پایە بەرزو کەسایەتی ناوداری وەك شێخ مارفی نۆدێ لایەنە شارستانی و زانیارییەکەی سەردەمی بابانەکان بووبێت بەو هەموو زانست و زیرەکی و بلیمەتیەوە، دیارە ئەو ڕۆڵەی کە لەو بوارەدا بینیویەتی چ بە دانانی کتێب یان بە دەرس وتنەوەو بڵاوکردنەوەی زانست و هاندانی مرۆڤی کورد بۆ چاکەو خوێندەواری و ئاوەدان کردنەوەو خواناسی ئێجگار مەزنەو گەرەکە مێژووی میللەتەکەمان نەك فەرامۆشی نەکات بە تەنیا بەڵکو وەك کۆرپەیەکی نەوازە لە دڵیا بیلاوێنێ هەر بە دوای ئەم کەڵە زاناو بلیمەتەی ئەم بنەماڵە نیشتمانپەروەردا حاجی کاك ئەحمەدی شێخ چاوە پڕ میهرەکانی دەکاتەوەو قۆناخێکی نوێتر لە مێژووی گەلەکەمان ڕۆشنا دەکاتەوە، ئەمیش هەر بە هەمان ڕێگای زانست و دەرس وەتنەوەدا ڕێگای پڕ شانازی دەگرێتە بەرو شاری سلێمانی هێندەی تر بە زانست و کتێبخانە و فێرگەو خوێندکار دەناسێنێت و ناهێڵێت کوانووی گۆڕی شێخ مارف ساردبێتەوە. لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگارو توند بوونی کێشەی سیاسی و نەتەوەیی و ئیقلیمی لە نێوان دەوڵەتە نەخۆشەکەو ئەورووپادا لە لایەك و گەلانی نارچەکەش لەلایەکی ترەوەو بڵاوبوونەوەی کەم تا زۆر گیانی هەردوو شۆڕشی فەرەنسا ئۆکتۆبەر لە لایەکی ترەوەو زوڵم و زۆری دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر میللەتی کورد و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی

شێخ سەعیدی پیرانیش هۆشی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیش پەرەی سەندو جۆرە بۆشاییەکی سیاسی و ئیداریش لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا هاتەکایەوە، دیارە لەم سەرو بەندەدا پاڵەوانێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕی پشوو درێژی وەك شێخ مەحمود دەبێتە ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و جاڕی حکومەتی کوردستانی خوراوو ڕادەمێلێت و زۆر جوامێرو دلێرانە ڕووبەڕووی ئینگلیزە داگیرکەرەکان و ڕژێمی پاشایەتی نۆکەری دەوەستێت و چەندین نەبەردو داستانی کەم وێنە لە مێژووی گەلەکەماندا تۆمار دەکات.

حەپسە خانی نەقیب ئەلقەیەکی توند و تۆڵ و نەپساوی ئەو زنجیرە ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕیی و فەرمان ڕەوایەتییە، کە لە شێخ مارفی نۆدێوە دەست پێ دەکات، یان بە واتایەکی تر، ئەم خانمە لقێکی خەملیوی درەختە شۆخ و شەنگەکەی ئەم بنەماڵەیە کە سێبەرەکەی کوردستان و مێژووی هارچەرخی ئەم نەتەوەیەی گرتۆتەوە.

ئەم دایکە بلیمەت و دڵسۆزە چاوەگەشەکانی لە دەورانی ژانی شۆڕشگێرانەو ئازارو چەوسانەوەی نەتەوەیی و بە ئاگا هاتنەوەی گەل و شەلاڵ کردنی کوردستان لە خوێنی گەش و پیرۆزدا هەڵهێناوە. دیارە هەر لەسەرەتاوە تێکەڵاوی دنیای بەرینی سیاسەت بووەو ڕۆڵی بەرچاو و جوامێرانەشی هەبووە لە ریسواکردنی دوژمن و پتەوکردنی بنکە زانیاری و

کۆمەڵایەتییەکانی حکومەتی مەلیک مەحمودو ماندانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان بۆ بەرگری و ڕابوونی شارستانیانە.

لە شەڕی دەربەندی بازیاندا خۆیو ئایشە خانی خوشکی کە خێزانی مەلیک مەحمود بووە، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبووە بەوەی کە جونەتە تاسلۆجە و ئازووقەو خواردنیان بۆ شێخ مەحمود و جەنگاوەرەکان دابین کردووە و هانیان داون بەبێ ئەوەی کۆ بکەن لەو ئیمپراتۆرییەتەی کە خۆری لێ ئاوانەدەبوو!

لە لایەکی ترەوە حەپسە خان لە خۆپیشاندان و کارە جەماوەرییەکاندا ڕۆڵی بەرچاوو دیاری هەبووە، ئەوەتانێ لە بروسکەیەکی خۆی و دەستە خۆشکەکانیا بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی، داوای مافی میللەتی کورد دەکات:—

فەخامەتی[1] مەندوبی سامی

فەخامەتی ڕەئیسی

وزەرای عێراق صورەتی - بغداد تایمس - العالم العربی - العراق - البلاد

ئێمەی ژنانی کورد، بە هەموو مەوجودیەتمانەوە طەلەبی حقوقی مەشروعی کوردستان ئەکەین کە (عصبە الامم) پێی بەخشیوین و ئیعترافی لەسەرکراوە، ئسترحام ئەکەین حیمایەتمان بفەرموون.

---

[1] ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٥٥ سالی ٢٣,٥ی تەمموزی ١٩٣

حەلاوە ڕەمزی افندی          ئامینە غفور ئاغا    حفصە نقیب
ناهیە صالح افندی  حفصە قادر ئاغا

ئینگلیزەکان وەك گورگێکی لاساری دەم بە خوێن، لە هەر چوار لاوە پەلاماری میللەتی کوردیان ئەداو تەونی پیلانیان بۆ هەڵدەخست و بە ئاگرو ئاسن وەڵامی شێخ مەحمودیان دەدایەوە و نەیان دەهێشت و چانێك بداو هەردەم چاویان لەوە بوو کە دەم هەڵژەننە خوێنی کورد و نەوتەکەی بە مفتی پاکتاوکەن، بەڵام شێخ و جەماوەرو حەپسە خان و ڕۆشنبیرانیش ملیان نەئەداو بەرووياندا دەوەستانەوە، دیارە ئەم دایکە میهرەبانە لە کاتە ناسك و ترسناکەکاندا هەمیشە لەڕیزی پێشەوەدا بوەو گوێی نەداوەتە لە دەسچوونی هیچ سامان و پلەو پایەیەك، زۆر بە پەرۆشەوە یارمەتی کۆمارە ساواکەی مەهابادی داوە بە گەلێ شێواز. چ بە نوسراو یان یارمەتی ماددی، یان هاندانی لاوانی سلێمانی بۆ هاوبەشی کردن لە پاراستنی کۆماری مەهاباد و پێشەوای شەهید قازی موحەمەددا، ئەوەتا تێکۆشەرانی وەك موستەفا خۆشناوو محمد قودسی و شێخ عەزیز شەمزینی و نوری ئەحمەدی تەها، پێش ڕۆشتنیان بۆ مەهاباد و بەرگری لەو تاقیکردنەوە پیرۆزە، هاتوونەتە لای حەپسەخان و وەك مەرجەعیەتێکی شۆڕشگێڕو بنەماڵەی شێخ و شاری سلێمانی، خواحافیزی لێ دەکەن و ئەویش هێندەی تر هانیان ئەداو دوعای سەرکەوتیان بۆ دەکات، با ئەوەش نەبوێرم ئەو کاتە کە بارزانییەکان لە لایەن ڕژێمی بەکرێگیراوی پاشایەتی‌یەوە دوور

خرابونەوە بۆ سلێمانی هەمیشە حەپسە خان ئامشۆو ڕەوتی کردوون و ڕێزی لێ گرتوون و پێداویستیەکانی بۆ دەستەبەر کردوون و توند و تۆلترین پەیوەندی لە نێوان شێخ و بنەماڵەکەیدا لەلایەك و شێخ ئەحمەدو مەلا موستەفاو یارەرانیشیان لە لایەکی ترەوە پێکەوە گرێ درابوون. درەخشان حەفید دەڵێت زۆر جار حەپسە خان لە شەودا توورەکەو شتی پێچراوەی ئەدا بە من و بابەتایەری برام و عوسمان محمد سلێمان کەبیبەین بۆ ماڵی شێخ محمد صدیق بارزانی کە دراوسێمان بووەو داواشی لێ کردین کە نابێت شتە پێچراوەکان بکەینەوەو لای کەسیش قسە بکەین.

دیارە تەنیا گیانی کوردایەتی و نەتەوایەتی هاندەری ئەم پەیوەندی و یارمەتی‌یە بووە، چونکە مەلیك مەحمود و بارزانی لەو دەورانەدا دووسەرکردەو ڕابەری بزافی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشوور بوون، جگە لە هەموو ئەمانەش لە ڕاپەرینەکانی ١٩٤٨-١٩٥٢دا یارمەتی چالاکیەکانی جەماوەری داوەو هاوکاری بەندە عەرەبە سیاسیەکانی کردوە بە هەموو شێوەیەك، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە بۆ هاندانی جەماوەر بۆ لە سێدارە نەدانی چوار ئەفسەرە قارەمانەکە، ئەوەی شیاوی وتنە لەم بۆنەیەدا چەندان چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامە ناوخۆیی و بێیانێکاندا سازکردووەو لەهەر هەمووشیاندا داکۆکی لە مافی ڕەوای نەتەوەی کورد کردووە، ئەمە جگە لەبەرگری کردنی سەرو مڕ لە مافی ئافرەتانی کورد.

ئەم خانمە جوامێرە لە هەڵس و کەوت و کارە جۆر بە جۆر و چالاکیەکانیدا جۆرە تاکمەندێتی یەکی (التفرد) پێوە دیارە واتە سنوورە سەختەکانی دەوروبەری بەزاندووەو گەلێك پێش سەردەمەکەی کەوتوە، چونکە مرۆڤی بلیمەت بە درێژایی ڕەوتەکانی مێژوو جێ دەست و پەنچەی بە ڕووداوو کۆمەڵ و واقعیەوە دیارەو ئا لێرەشدا مێلێك دروست دەبێت لە نێوان خەلکە ئاسایی و مرۆڤە بلیمەتەکاندا چونکە وەك زاناکان وتویانە مرۆڤە وشیارو بلیمەت و کارامەکان نەخشەکانی مێژو ڕەنگ دەڕێژن و خەلکە ئاساییەکانیش هەوڵی بۆ دەدەن و بنیاتی دەنێن، ئەوەندەی سەرنجم لە ڕوداوەکانی مێژوو دابێت بە تایبەتی مێژووی ڕۆژهەلات وەتەنانەت ڕۆژئاوایی سەدەکانی ناوەڕاستیش، سەرکردەو (نخبە)کان مێژوو ڕەنگ دەڕێژن نەك جەماوەر، جەماوەر هەمیشە کوتەکی دەست بوەو گەلێك جارانیش هەر خۆیان بە کوتە کەکەی خۆی شل کوت کردووە بە تایبەتی جەماوەری نەخوێندەوارو سادە لەوحی وەك خۆمان کە تا ئێستاش خۆی بە خۆی قڕ دەکرێت وە مێژووی کورد کوژی کە شەرمەزارترین لاپەڕەیە پێی تۆمار دەکرێت. ئەگەر مەلیك مەحمود وەك ڕابەرێکی سیاسی و عەسکەری پێشڕەوی جووڵانەوەی کوردایەتی سەردەمی خۆی بێت، دیارە حەپسە خان یارمەتی دەرو تەواوکەری بەشێك لە ئەرکە کۆمەلایەتی و پەروەردەییەکانی بوە، بەمەش ئەرکی قورس و گەورە لەسەر شانی شێخ سووك بوە، ماڵەکەی حەپسە خان وەك کاروان سەرایەك، یان وەك ماڵی

میره ئورستوکراتیەکانی سەدەی ناوەڕاستی ئەورووپا جێگای کۆبوونەوەو یەك بینین و هەڵس و کەوتی میوان و ڕاپەڕاندنی کارەکان و چاوپێکەوتنی وەفدو خەڵکە بیانیەکان و ڕۆژنامەنوس و چارەسەرکردنی کێشەکان و... هتد بووە. مامۆستا محمد رسول هاوار لە کتێبەکەی شێخ مەحمودا دەرگای باس و خواسێکی کردۆتەوە کە گوایە، لەلایەن شێخ قادری کوڵەنەبڕەو حەپسە خان و شێخ قادر و چەند خزمێك و بەدنەدان و پیلانی چاپەن هەوڵێك دراوە بۆ تیرۆر یان دیل کردنی مەلیك مەحمود بە مەبەستی سەپاندنی دانووسان و ڕێکەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا. ڕسوڵ هاوار دەڵێت هەوڵێکی لەم بابەتە هەبووەو میوایان بە حەپسە خانیش بووە بۆ یارمەتی و جێبەجێ کردنی؟

ئەم تۆمەتە گەلێك زیان بە مێژووی گەلی کورد دەگەیەنێت، بۆ دروست کردنی گومان و دڵ ساردبوونەوەو نەهلەستیەت لە دڵی میللەتدا، هەر وەك ئەم دوو بەرەکی و خۆ خۆریە چووبێتە کرۆمۆسۆماتی کوردەوەو بە پشتی باوو باپیرانماندا هاتبێتە خوارێ! هەروەها ئەم تۆمەتە زیان بە کەسایەتیە ناودارەکانی گەلەکەشمان دەگەیەنێت و ناویان دەزڕێنێت، دەبوایە مامۆستا هاوار بە وردی ئەم هەواڵەی بتوێژیایەتەوە و بیدایەتە بەرشەن و کەوی لۆژیکەوەو هەروا بەسانایی بەسەریا تێنەپەڕیایە و بێدەنگیش یان گواستنەوەی ڕاکە، بێ توێژینەوە بەڵگەی ڕەزامەندیە!!

ئەم هەواڵە ترسناکە پێویستی بە بەدوا داچوون و شیکردنەوەو ڕامانی هوشیارانە هەیە، حەپسە خان ئامۆزای مەلیك مەحمودەو خێزانی شێخ قادری برایەتی کە سوپاسالارو کەسی دوەمی حکومەتی شێخ بوە، ئەوەی کە ڕوونە مرۆڤ هەر مرۆڤێك بێت، کاتێك کە تاوانێك دەکات دەبێت بۆ ڕازی کردنی دەروونی کۆمەڵێك بیانوو (مبرر)ی وای هەبێت کە هەم هاندەری بن بۆ جێبەجێ کردن و هەم نەش هێڵن تووشی ئازاری ویژدان ببێت، کە ئەمەیان ئێجگار خەتەر ناکە، گریمان پیلانەکە سەری گرت و شێخ کوژرا، کێ دەڵێت شێخ قادری گولله نەبڕ جێی ناگرێتەوە؟! کامیان بۆ حەپسە خان باشە شێخ مەحمود یان گولله نەبڕ؟ دوای ئەوە حەپسە خان لەچی کەم بوە؟ هەمیشە خۆیو هاوسەرەکەی کەسی دوەمی حکومەتی مەلیك مەحمود بوون و لە هەندێك حاڵەتدا وەك کەسی یەکەمیش مامەڵەیان دەکرد، ئایا حەپسە خانێکی هێند زیرەك و پێش بینیکەر، چۆن سەرەڕۆیی (مغامره) وا دەکات کە ئەنجامێکی پڕ لە مەترسی هەبێت بۆ خۆیو هاوسەرەکەی و تەنانەت بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەشمان؟!

دیارە من لێرەدا نامەوێت تەپ و تۆزی گومان و تۆمەت بنیشێتە سەر ڕووی گەشی کوردایەتی حەپسە خان و بە ئاگری پڕوپاگەندەی دوژمنانی کورد بسووتێ، چاوخشانێك بە ژیاننامەی (سیرە) حەپسە خاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤێکی خواناس و قورئان خوێن و نوێژ کەرو خێرخوازی گەورە بوە، بە لای منەوە حەپسە خانی بلیمەت، خواناسی کاك ئەحمەدو

عەقڵی شێخ مارف و ئازایەتی شێخ مەحمودی تیا درەوشاوەتەوە، بەکام لۆژێك ئافرەتێکی وا تێکۆشەر پەنادەباتە بەر چەکی تیرۆر؟ تیرۆری کێش؟! مەلیك مەحمود!! مێژووی کورد تا ئەم قۆناخەی ئێستای لە شێوەی گێڕانەوەدا نووسراوەتەوەو کەم تا زۆریش پڕۆگرامی وەسپی (المنهج الوصفی) لە خۆگرتووە.

ئەم پڕۆگرامە وەسپی‌یە خۆی لە خۆیدا بواری ئەوە ئەدا بە خەڵکی داخ لە دڵ و بێگانە کەژەهر بکەنە لاپەڕەکانی ئەم مێژووەو هێندەی تریێ لەزەتی کەن! سەرباری ئەمەش بەشێك لەم مێژووە ڕۆژهەلات ناسە گومان لێ کراوەکانی وەك میجرسۆن و مسس بیلّ و ریچ و... هتد) نووسیویانەتەوە، ئەمە جگە لەو دەیان ڕاپۆرتە ژەهراویەی کە بە نهێنی دراوەتە دەسگا جاسوسیەکانی وڵاتی خۆیان و هەر هەمووشی سەبارەت بە چۆنیەتی لەناوبردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و دامرکاندنەوەی گیانی نیشتمان پەروەری و دەم ژەندنە جوانەوی گەلە برسی و کۆیلەکەمان بووە.

ژیانی حەپسە خان سەرلێوە لە کوردایەتی و نیشتمان پەروەری و لەم پێناوەشدا تووشی ئاوارەیی کوردستانی خۆرهەلات و باکورو برسێتی و بێ نەوایی بوەو لە پێناو دوا ڕۆژی کوردو سەرخستنی مەلیك مەحمودا زۆر جار گەشتۆتە لێواری مەرگ، ئایا دەشێت مرۆڤێکی هێند تێکۆشەر لە پشتەوە خەنجەر لە بەرژەوەندی کوردو بنەماڵەکەی خۆیشی بدات؟ ئایا حەپسە خان نەیزانیوە بنەما و سەرچاوەی ڕۆحی و دەسەلاتی ئەم بنەماڵەیە مەلیك

مەحمودە؟! ئایا لە ناو چوونی شێخ ناکاتە لەناوچوونی ئەو هەموو بەها شەخسی و قەومیانە؟! حەز دەکەم ئەوەش لەیاد نەکەم کە تا ئێستاش زۆربەی هەرەزۆری ئەگەر هەمووشی نەبێت چارەنووسی جوولانەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی سێهەم بەستراوەتەوە بەرابەرەکەیەوە لەگەڵ فیوز کردنی ئەودا جوولانەوەکەش تووشی شکستی کەمەر شکێن دەبێت و دیارە هەمان حاڵەت بۆ شێخ و جوولانەوەکەشی چۆن یەک دەبوو تەڕو وشك پێکەوە دەسووتا! !

ئەگەر شێخ قادرو حەپسە خان لەناوبردنی شێخیان لە دڵدا بوایە، دەیان توانی زۆر بە ئاسانی ئەو کارە جێ بەجی بکەن، چۆن چۆنی؟ ئەو کاتەی کە ئینگلیزەکان لە دەبۆکەی سلێمانی دیل بوون، شێخیش لە هەمان کاتدا لای ئەوان دیل بوو، وە لە نێو خەڵکیشدا ئەوە جاڕ هێشت دەکرا کە گوایە فەرمانی سێدارەی دەدرێت، دیارە ئەگەر حەپسە خان و شێخ قادر کە بەرزترین دەسەڵاتیان هەبوو لەو کاتەدا دیلە ئینگلیزەکانیان بکوشتایە، ئەوانیش وەك تۆڵەو چاوترساندن شێخیان شەهید دەکردو مردوەکەش لەوە پاکتر نەدەشۆرا، بەڵام بە پێچەوانەوە، هێند حەپسە خان ڕێزی گرتن و خواردن و پێویستی بۆ جێبەجێ کردن و بەدەمیانەوە چوو، هەتا ئەوانیش بەندێتی شێخیان کردە دەساڵ، دیارە ئەو هەموو ڕێزەش لەبەر پاراستنی ژیانی شێخ بووەو هیچی تر.

هەرگیز بەلاشمەوە سەیر نیە کە چاپمەن بیرۆکەی لەو بابەتەی بە گوێی هەندێك کەسدا دابێت، بەڵام ئایا لە نێو بنەماڵەکەدا کەس بە دەمیەوە چوە؟!کەس بە گوێی کردووە؟ هیچ هەوڵی لەو بابەتەوە دراوە؟ ڕۆژانە دەیان بەرد دەکرێت بەدرەختاو مەرجیش نیە گوێزێ بکەوێتە خوارەوە! مێژوو ئەوەیە کە ڕوودەدات نەك ڕملێ لێدانی بێ بنەما، من نکوولی لەوە ناکەم، کە دوای ئەوەی شێخ تووشی جۆرە شکستێك هات و تەمی ڕەشبینیش باڵی بەسەر خەڵکا کێشا، شێخ قادریش بوە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراق، بەو میوایەی کە با ئەو ڕێگە یاساییەش! هەر بگیرێت و دوژمنیش دەم کوت کرێت و ئەوەندە بیانووی نەدرێتە دەست کە کوردستان لە خوێن هەڵکێشێ، بەڵام هەر کە شێخ قادر بۆی ڕوون بووەوە کە نە ئینگلیزو نە عێراق مینقارێك بە کورد نادەن، گەڕایەوە سلێمانی و دژی پەیمانی ١٩٣٠ وەستایەوەو لەگەڵ هاوڕێکانیا هاوبەشی‌یەکی چالاکانەی شەڕی بەردەرکی سەرایان کردو ئەوەبوو بە نوویی بەندکران و ڕەوانەی کەرکوکیش کران، شێخ مەحمودیش وەك هەڵۆیەکی زامدار بۆ تۆڵە کردنەوە لە پیران گەڕایەوەو شەڕی ئاوبارێکی کردو ئەوە بوو بە ئاگرو ئاسن وەڵامی درایەوە، شاعیری گەورە حمە صالح دیلان لە دیوانی شێخ مەحمودی زیندوودا دەڵێت:—

ئێستا ئاوباریك وەك بوومەلەرزە هەر هەڵئەلەرزێ یا لە وەستانە

دوای تێك شكانی مەلیك مەحمود لە ئاوباریك، ڤیڤیان مۆلیتی سكرتیری نوێنەری باڵای (المندوب السامی) بەریتانی شێخی شوبهاندوە بەڕابەری نیشتمانەپەروەری ئیتالیی (گاریبالدی) بەناوبانگ. ئێمە جەندان جار بینومانە سەرانی كورد دانوسانیان كردوە لەگەڵ ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق و هەوڵی فرەشیان داوە كە مافەكان بەم ڕێگایە بە دەست بێنن. بەڵام كاتێك كە بۆیان نەچۆتە سەر وازیان لە دانووسان هێناوەو هاتوونەتەوە ڕیزو شۆرشیش هەر بەردەوام بووە.

ئینگلیزو چلكاو خۆرو كاسەلێسەكانیان، ئەوەی توانیان بە كوردی بكەن درێخیان نەكرد، هەر لە لۆزانی شوومەوە تا كەرت كەرت كردنی كوردستان و دابەشكردنی بەو شێوە ترازیدییەی كە بۆتە كێڵگەی مینی داگیر كەران و ڕۆژانە گەلەكەی تیا كەلەپاچە دەكرێت، ئەمە جگە لە بۆمبارانی شاخ و شارو دیهات و بەستنی پەیمانە شومەكانی سەعداباد و بەغداو سەنتۆو دەیان بڕیاری نهێنی و شوومی تر كە هەر هەموویان چەقۆیەكی ژەنگاوی بوون و خرابوە جەستەی شەكەت و لاوازی كوردەوە، ئایا ڕژێمێك ئەم هەموەی كردبێت بە میللەتێكی ڕزگاریخوازی وەك كورد ناتوانێت دەیان پڕوپاگەندە و درۆی وا هەڵبەستێت بۆ سەركردەو كەسایەتیە تێكۆشەرو

ناودارەکانی میللەتەکە.[1] سند رسن پاشاکە یەکێکە لەو ئینگلیزانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر پزیشکی تایبەتی خێزانی مەلیك فەیصل بووە لە بیرەوەریەکانیدا دان بەوەدا دەنێت کە لە دووای جەنگی جیهانی یەکەمەوە شێخ محمود کە ڕابەرێکی شۆڕش گێڕی گەلەکەی بووە، بۆتە دڕك و چەقیوەتە لا قەپرغەی ئیدارەی ئینگلیزەوە لە عێراقدا هەروەها دەڵێت: لەو ساڵانەی کە شێخ لە بەغداد نەخۆش دەبێت، ڕۆژێك چووم بۆ بینین و چارەسەر کردنی، کاتێك کە دوو مەڵێکی بچوکم بە پشتیەوە دی لێم پرسی ئەمەچیە؟ ووتی ئەمە گوللەی ئینگلیزە!! هەر وەك خۆتان گوللەکەش ئینگلیزە، ئێوە کە چونە شوێنێك کەس دەرتان ناکات شەیتان نەبێت! لە دواییدا پشکنینەکان دەریان خست کە ئەو گوللەیە چۆتە بڕبڕە پشتەی شێخەوەو تواناى دەرهێنانی نیە، ئەم ڕێزە تایبەتی و گوی پێدانەی سن درسن سەرنجی هەندێك میوان و ئامادە بووی بەباری باشەدا ڕاکێشا، هەر بۆیە بەپێکەنینەوە[2] ووتی: ئێوە لەوانە نەگەیشتوون خۆیان ئێمەیان

---

[1] مژکرات سندرسن پاشا – ترجمة سليم طه التكريتي – منشورات مكتبة العربية – بغداد – الطبعة الثانية ١٩٨٢ ص ١٣٩.

[2] کۆڤاری هەرێمی کوردستان – ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٩ ل ٣٩ ئەو دەمەی بیرەوەریەکان دەبنە گزنگ – أحمد حسين.

٢ ڕەنگین – ژمارە ١١٧ ,١٤ای تشرینی یەکەمی ١٩٩٨. ل٢٦ (کمال مظهر).

مەبەست نەبووە... ئەگەر بیان ویستایە منیش نەبومایە شوانێکیان دەهێنا و وەك ئەمیرەکانی عەرەبستان دەوڵتێکیان بۆ دروست دەکرت، ئەوان بڕیاری دابشکردنی ئێمەیان بۆ مەبەستی چەپەڵی خۆیان بەم جۆرە داوە» رکی ئینگلیز بەرامبەر بە بنەماڵەی شێخ لە سنوورێکی هێند خەتەرناکدا بوو کە (دوای[٢] شکستی شۆڕشەکەی شێخ و بڵاوە پێ کردنی لایەنگیرانی و داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، داگیرکەران هەرچی ناومالی بنەماڵەی حەفیدە بە کتێبخانەکانیشیانەوە (کە گەلێکیان دەسنووسەکانی سەردەمی بابانەکان بوون)، لەبەر دەم مزگەوتی گەورەدا کۆیان کردەوەو بەبەرچاو خەڵکی شارەوە گریان تێ بەرداو سووتانیان)، من لەو بڕوایەدام ئینگلیزو داروەدەستەکانی، بۆ یەکالا کردنەوەی کێشەکان گەلێ هەوڵی تیرۆرکردنی شێخیان دابێت و بۆیان نەچووبێتە سەر و ئەمەش تا بلێی کارێکی ئاساییە، مەلا حەکیم دەڵێت (ئینگلیزەکان هیوایان بە حەپسە خان بوە بۆ کارێکی لەو جۆرە)، من وای بۆ دەچم کە ئەگەر حەپسەخان و شێخ قادر تیرۆرکردنی شێخیان مەبەست بوایە ڕێگای تریان هەڵدەبژارد، کە یەکێ لەوانە (دەرمان خوارده)، چونکە مێژووی ئەم جۆرە تیرۆرە لەنێو فەرمان ڕەوایانی سەفەوی و عوسمانیەکاندا زۆر باو بوەو گەورە پیاوانی ئەم دوو دەوڵەتە لەم ڕێبازەدا

---

[٢] فهرست مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية في السليمانية – الجزء الاول ص ١٧.

زۆر بەفەتارەتدا چوون، ئەگەر ئینگلیزەکان وەك مەلا حەکیم دەڵێت (هیوایان بە حەپسە خان بوایە) کارەکەیان بەم شێوازە، زوو سەری دەگرت و لە شێخ قوتاریان دەبوو، بەڵام بنەماڵەی شێخ تا ئەم کاتەش بە پێچەرانەی دەقەکانی کتێبەکەی هاوار ڕیزەکانیان پتەوو یەکگرتوو کون بریوو هیچ سیخوڕو چڵکاو خۆرێك زەفەری پێ نەبردون و نەیتوانیوە دزەیان بۆ بکات، دەمێنێتەوە هەندێك ناکۆکی خێزانی لەسەر هەندێك زەوی و زار، کە ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایيەو ناگاتە ئاستی یەکلایی کردنەوەو تیرۆر.

لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەك ئەو ڕۆژەی کوردا پڕۆپاگەندەی ژەهراوی چەکێکی ئێجگار کاریگەربوە! برەو پێدان و درکاندنی ئەو هەواڵە لەلایەن مەلا حەکیمی قەرەداخیەوە خۆی لە خۆیدا جێگای تیاڕامان و وردبوونەوەیە! زۆر جار خەڵکانی سادە لەوح دەبنە پردی دوژمن بە گواستنەوەی هەواڵی ژەهراوی، ئەمانە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن پێیان دەڵێن ( المغفلون النافعون)، خۆ جاریش بوە هەر بە دەسیسەو هاندان لەم جۆرە پڕوپاگەندەیە برەوی پێدراوەو ئەنجامی کارەسات ئامێزو خەماوی لێ کەوتۆتەوە. دیارە لە هەردوو حاڵەتەکەدا زیان بە مێژووی کوردو کەسایەتێکانی دەکەوێت و دوژمن سوودی لێ دەبینێت.

جێگای داخ و کەسەرە ئێمەی کورد لە دەور کردنەوەی مێژووی پڕ کارەساتی خۆماندا خەسڵەتێکی تووتی ئاساو ئەقلیەتێکی کۆکراوەیی!

عقلية تجميعية) پۆخلْمان هەیە و نەدەورانی ڕۆژگار دەرسمان دادەداو نە ئامادەشین یەك دوو (فلتەر) لە مێشكماندا بێت بۆ پالاوتەی دیاردەكان و نەهێلین بێگانەو دار دەستەكانیان لەو جۆرە جەنگە تایبەتیانەدا زەفەرمان پێ بەرن وەك تا ئێستا بە سەركەوتوویی بردویانە، تا ئێستاش هەن دەلْێن شێخ مەحمود بێزی نەهاتووە دەست بخاتە دەست ئینگلیزەكانەوەو بە كافری داناون و مامەڵە كردنیانی پێ حەرام بوە، بۆیە هیچیان بۆ نەكردوە هەن دەلێن دەبوایە شێخ مەحمود هاوكاری ئینگلیزی بكردایەو چەكی لە ڕوودا بەرز نەكردنایەتەوە بۆ ئەوەی حكومەتێكی باوەڕپێكراویان بۆ دابنایە! هەن هێندە ساویلكەو یەك لایەنە ڕوانن، دەڵێن شێخ مەحمود ئەگەر هەر بە تەنیا تێكۆشانی ئاشتیخوازانەو دیبلۆماسیانەی بكردایە، یان بچوایەتە مەجلیسی ئەعیانەوە، ئیتر ئینگلیز ڕێزی دەگرت و حكوومەتی بۆ دادەنا! تا ئێستاش لەم ڕاو بۆچوونانە لە نێوەندە سیاسی و ڕۆشنبیریەكاندا دەوترێنەوەو دەوترێنەوەربەڕای من جوینەوەی ئەم بۆچوونە بێ تامانە پاشماوەی پڕۆپاگەندەی سەردەمی ئینگلیزو كاسەلێسەكانیانە، هەر لەبەرئەوەی ئەو هەموو تاوانەی كە ئینگلیزەكان بەرامبەر بە كورد كردویانە بە ئاسانی لە قەڵەم بدرێت و شەرعیەتی ئەوەی بۆ مۆركرێت، كە مافی خۆی بوە هەر چی پێ كردوین و (ومن الحب ما قتل)، باشە ئەگەر مەسەلە ئاین و كافر و موسڵمانە، بۆ تا ئێستا بەریتانیا كێشەی ئێرلەندەی یەكالا نەكردۆتەوەو مافی چارەنووسی نەداوەتێ؟! خۆ

هەردوو لا فەلەویەك ئاینەشن! بۆچی فەرەنسا مەسەلەی کۆرسیکای وەك خۆی هێشتۆتەوە؟! بۆ ئیسپانیا چارەسەری کێشەی باسك ناکات؟! خۆ ئەم گەلانە بە چەوساوەو چەوسێنەرەوە فەلەن! بۆ ڕوسیای جاران چەندان نەتەوەی جیاجیای بە زۆر خستبوە بن دەستی، بە مەرجێ زۆریەیان فەلەو بەناو سۆشیالیزم خوازیش بوون؟! ئەی بۆ ئیستاش ئێمەی کورد لە هەر چوار پارچەکەدا لەلایەن کۆمەڵە دەوڵەتێکەوە دەچەوسێنرێینەوە کە بە حساب موسڵمانی عەیارە بیست و چارن؟! کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی بە ئاینیەوە نیەو بە تەنیا و تەنیا بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیەو هیچی تر.

با ئەوەش نەبویرم کە بۆ ئەمریکا بە جان و دڵ یارمەتی موسڵمانە توندرەوەکانی ئەفغانی ئەدا دژی نجیب الله، بەڵام بە ئاگرو ئاسن وەڵامی ڕەش پێستەکانی خۆی ئەدایەوە کە هەم فەلەو هەم هاووڵاتی خۆشیەتی؟! شێخ مەحمود دەرگا نەماوە بۆ ڕزگاری کورد نەیکوتێ و هەرگیز ڕەفزی تێکۆشانی دیبلۆماسی و دانووسانی نەکردوە، ئەو نامانەی کە بۆ ستالین و لینین نووسیوەو داوای یارمەتی بۆ کورد لێ کردوون بەڵگەی هوشیاری سیاسییەتی، چونکە تەنانەت لەو سەردەمانەیشدا هەوڵی داوە سوود لە ناکۆکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ببینێ، تەنانەت ئەو کاتەی کە شێخ ئاوارە بوو بۆ کوردستانی خۆرهەڵات، نامەی تایبەتی بۆ شێخ محمدی جەباری نووسیوە و داوای لێ کردووە کە هەوڵی دانوسان بدات

لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، ئەمانەو چەندان بەڵگەی تر ئەوە دەسەلمێنێ کە ئینگلیز هەرگیز نەیویستوە هیچ بۆ کورد بکات و نەك هەر ئەمەندەش، بەڵکو هەمیشە تەونی پیلانی بۆ هەڵخستوەو هەر کاتێکیش ویستبێتی بە ئاگرو ئاسن وەڵامی خواستە ڕەواکانی داوەتەوەو دەیان دوژمنایەتی لاوەکی و ناو خۆیشی بۆ دروست کردووەو کوردستانیشی کردۆتە مەکۆی ئەو هەموو جاسوس و نۆکەرە! نابێت هەرگیز شۆڕشەکانی بارزانی یەکەم ١٩٣٢ دووەممان ١٩٤٣–١٩٤٥ لەیاد بچێت کە چۆن بە ئاگرو ئاسن دامرکێنرایەوەو سیاسەتی زەوی سووتماکی بۆ بەکار دەبرا!!

تا ئێستاش لەو بەڵگەنامە نهێنیانەی کە لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا خراونەتە بەر چاو، هیچ جۆرە ڕۆشنایییەکیان تێدا نەدۆزراوەتەوە لە دۆستایەتی و بەهاناوە هاتن، تەنانەت نەلە هەست و نەلە نەستیاندا ئەوە نەبووە کە شتێك بۆ کورد بکەن و دەستی بگرن.

چەرچل دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی، وەك ڕۆشنبیری گەورە (نعوم تشومسکی) دەڵێت، لە وتارێکدا وتویەتی (گەلە[4] دواکەوتوەکانی وەك کورد و ئەفغان ئەوەندە دواکەوتوون دەبێت تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر بکرێت...هتد) ئەمە لۆژێکی سیاسیانەی سەرۆك وەزیرانی ئینگلیزەو چەرچلیش بە پاڵەوانی ڕزگار کردنی گەلان دادەنرێت لە چنگ فاشیزم!!

---

[4] مجلة النهج – عدد(٨) صيف / خريف ١٩٩٦

سەد ڕەحمەت لە کفن دز. حەپسە خان نەك بە تەنیا لە بـواری سیاسـەت و کوردایەتیدا ئەسپی تـاوداوەو مامەڵـەی هوشیارانەی لەگـەڵ دەورووبـەردا کردوە، بەڵکو لە بـواری ڕۆشنبیری و شارستانی و کۆمەڵایەتیشدا دەنگی ڕەسەنی مەلیك مەحمود بوەو گـوڕو تینـی هـەڵس و کـەوت و فەرمانـەکانی لەو (مرجعیه)ە نەتەوەیی و دەستەڵاتەوە بەدەست هێناوەو هەمیشە زاتـی حەپسە خان لە دەورووبەرو واقیعەکە کەلێك بەهێزو کوڕوتـین تربـووە، واتـە کەسێتیەکی نموونەیی لە بارو دۆخێکی نموونەییدا (مەبەست حکومەتەکەی شێخە) دەکاتـە ئـەم ئافرەتـە بەهرەمـەندە، ناشـڵێم (لـە بـارو دۆخـی نـا نموونەییدا) چونکە ئێمە باسی سۆپەر مـرۆڤ ناکـەین و زیادەڕەویش بـەها پیرۆزەکانی مێژوو لە دەست دەدات! دەبێـت شـانازی بێـت بـۆ هـەموو ئـافرەتێکی کـورد کـە حەپسـە خـان لـە سـاڵی ١٩٢٧دا خانوەکـەی مـامی بەخشیبێت بەو قوتابخانە زانستی‌یە ژنانەی کە هەر خۆیشی کردویتیـەوەو، هەر خۆیشی بەو تەمەنەوە تیا بۆتە قوتـابی، نـەك هـەر ئەمـەش بـەڵکو لـە سیەکاندا کۆمەڵـەی ئافرەتـانی کوردستانی دانـابێت و لـە چـەندان بـواری کۆمەڵایەتی و مەدەنی تردا سەرامەد و دەسـت پێشـکەر بـوو بێـت. لێرەدا پرسیارێکی تـر دێتـە گـۆڕێ، ئایـا چـەندان ئـافرەتی تـری ئـەم بنەماڵەیـەو تەنانەت شاری سلێمانیش لەژێر کاریگەرێتی ئەو کەش و ئاوو هەوا سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و نەتـەوەییدا نـەبوون؟ تەنانـەت ئایشـەخانی خوشـکی حەپسەخان و خێزانی مەلیك محمود ئەگەر میکانزمی پلەوپایەی بۆحیساب

بکرێت دەبێت لە پێش ئەودا بیت! بەڵام لە نێو هەموواندا تەنیا و تەنیا هەر حەپسە خان بێت؟! بۆ دەبێت بەم شێوە دیارو بەرچاوە جێ بەنجەی بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتی وزانیاری و شارستانیەکانەوە بێت؟! من نالێم ئافرەت و مامۆستای نیشتمان پەروەرو زانست خواز و زانامان نەبوە، چونکە شیرازەو داروباری ئەو واقیعە بە تەنیا ئافرەتێ لەنگەر ناگرێت و گەلێ ئافرەتی ماندوو نەناسی هوشیارو دڵسۆزی ترمان هەبوە،بە تایبەتی مامۆستای قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە، سەیرەکە لەوەدایە، کەسێتی و بەهرەکەی حەپسە خان هێند گەورەو لێ هاتوو و ناوداربوە نەیهێشتووە کەسی تر سەر دەربێنێ واتە ئەم خانمە میهرەبانە سونبولی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژگاری خۆی بوەو ئافرەتانی تریش کە ئەگەر لەو خوێندەوار تر بووبن هەر بە پەراویزیەوە بوون و نەگەیشتوونەتە ئاستی!

من نکوولی لەوە ناکەم کە حەپسە خان بە حوکمی بنەما چینایەتیکەی ئافرەتێکی ئورستۆکراتی‌نێو کۆشکی فەرمان ڕەوای حکومەتەکەی مەلیك مەحمود بوە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە لە هەموو کەس بە پەرۆشتر بوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و خوێندەواری بەنێو ڕەشەخەڵکەکەی سلیمانیدا و هێندەی چاوپێکەوتن و هەڵس و کەوت و هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەش و ڕووت و جووتیارەکاندا هەبووە زۆر لەوە کەمتر مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا هەبووە، دیارە ئەم حاڵەتە درەوشایەوە پڕ بە پڕ دژی بیروڕای دەرەبەگەکانی کوردو ئەوروپاشە کەنەیان ویستوە چینە زەحمەت

کێشەکان چاوبکەنەوەو لە واقیع بگەن و لەم بوارەشدا گەلێ بەرهەمی چیرۆکی درەوشاوەی کورد هەن. کە وابوو حەپسە خان وەك ئافرەتێکی شۆڕشگێر بەرژەوندییە چینایەتییەکانی خستۆتە لاوەو بەرژەوەندی نەتەوەو حکومەتە ساواکەی مەلیك مەحمودی خستۆتە سەروو هەموو شتێکەوەو گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر مێشکی مرۆڤی کورد بە زانست ئازاد نەبێت، هەر ئازادیەکی سیاسیش وەرگرێت کەم بایەخ دەبێت، دیارە ئەم خەسڵەتانە مێندەی تر حەپسە خان بەرەو لوتکە دەبەن و لە دڵە گەورەکەی مێژووی گەلەکەماندا بە نەمری ئەی هێڵنەوە.

وەك وتم حەپسە خان بەر لە هەر ئافرەتێکی دەورو بەرەکەی وەڵامی گۆڕانکاری ئەو بارو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیە نوێیەی داوەتەوە بەبارە ئێجابیەکەیداو بۆتە بەشێك لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی واقیعەکە، دیارە دەبێت هەموو قۆناخێکیش پاڵەوانی خۆی هەبێت کە لە جەرگەی ڕووداوەکاندا چاوبکاتەوەو نەخشەی جیهانێکی نوێ ئەگەر لە دڵی خۆشیا بێت! ڕەنگی برێژێت. ئێستا پرسیارێك دێتە گۆڕەوە، ئەویش، ئایا ئەگەر حەپسە خانیش نەبوایە (س یان ص) ئافرەت بە هەمان قۆناخدا دەڕۆشت و هەمان ڕۆڵی دەبینی؟ ئا لێرەوە دوو وەڵام سەر دەردێنێ یەکێکیان وەڵامی ئەو وشکە تیوریزمە ماددیانەیە کە ڕۆڵی مرۆڤی هەلکەوتەو بەهرەمەند لە نێو ئاپوورەی ڕەشە خەلکەکە و حەتمیەتی مێژوودا ون

دەکەن. وەڵامی دووەمیش لە جەرگەی واقیعی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و لەوەدا دەبینرێت کە:-

لەوانە بوو، ژنی تر هەبوو نایە هەمان ڕۆڵیان ببینایە، بەڵام لە ئاستێکی نزم و کەم بەهرەو بێ پێزتردا، واتە هەل و مەرجی هەڵکەوتوو مرۆڤی خاوەن بەهرەو لێهاتووی دەوێت، کەوا بێت حەپسە خان پڕ بە پڕ پاڵەوانی نموونەیی سەردەمی شێخ مەحمود بوەو ڕۆڵی مێژوویی خۆیشی لە هەوڵدان بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووتردا بینیوە.

لای من بە پێو دانگێکی ئەکادیمیانەی ورد پێکهاتەی کەسێتی ئەم ئافرەتە بلیمەتەلەم تۆخمانەدا دەبینرێتەوە:-

١- زیرەکیەکی بەرچاوو دیار لە تێگەیشتنی دەوروبەرو دەست نیشان کردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی دیاردەکان بە خێرایی و هەوڵدان بۆ گەیشتنە مەبەست، ئەم خاڵە پڕ بە پڕ یەکسانە بە هەمان پێناسەی زەیرکی لە قوتابخانەی براگماتی ئەمریکاییدا کە سەرچاوەی بیرو فەلسەفەکانی لە ولیام جیمسەوە هەڵدەهێنجێت، زیرەکی بە پێودانگی ئەم قوتابخانەیە بریتی‌یە لە (هونەری خۆسازاندنی خێراو ئیجابی لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێکاندا)، لەسەر و بەندی حەپسەخاندا کۆمەڵێك دیاردەو واقعی نوێ بە خێرایی هاتۆتە گۆڕێ و ئەویش مامەلەیەکی هوشیارانەی خێرای لەگەڵدا کردوەو کردوێتیە گوڕو تینێك بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمود.

٢- ئازایەتیەکی فرە لە ڕوو بەڕوو بروونەوەی واقعیکی ئێجگار دواکەوتوو ئەنگوستەچاودا، بێ گوێ دانە داب و نەریتە پواوورزیوەکان، لە چلەکاندا خۆیو دەستە خوشکەکانی هەفتانە چوونەتە سینەما، یەکەمین ئافرەت بوە کە لە ١٩٢٧دا بەشەو چۆتە قوتابخانە، ئەمە لە کاتێکدا کە لەو دەورانە نامەموارانەدا، کوڕیش کەمتر خراوەتە قوتابخانەو هەر لە مزگەوتەکاندا وانەی ئاینی خویندوە!.

٣- بەخشندەیی: یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە درەوشاوەکانی سەرکردەو کەسایەتییە ئیجابیەکانی خۆرهەڵات، حەپسە خان هەمیشە خاوەن ماڵ و سامان نەبوە لە ئاست خەڵك و میوان و لیقەوماو ئاوارەو کردنەوەی قوتابخانەو گەلێك یارمەتی مرۆیی تر، دیارە ئەم خەسڵەتە هێندەی تر لای جەماوەر خۆشەویستی کردوەو کردۆتیە جێگاو پشت و پەنای لیقەوماوان.

٤- قوربانی دان: ئەم دایکە دلۆڤانە تەنیا کۆڕێکی هەبووە بە ناوی (شامل)ەوە ئەویش هەر زوو لە دنیا دەرچووە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژیەکان و تەنانەت تاقیکردنەوە ڕۆژانەییەکانیش، هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە زۆربەی ئافرەتی بێ منداڵ و وەجاخ کوێر ڕژدو خۆپەرست و تەنانەت چاوپیشیان بە منداڵی کەسدا هەڵنایەت، بەڵام ئەم حاڵەتە لای حەپسە خان پڕ بە پڕ بە پێچەوانەوەیە چوونکە زۆربەی سامانە تایبەتیەکەشی لە پێناو خەڵکی سلێمانی و پڕۆژە

خەیریەکاندا خەرج کردوەو بۆنی سۆزو خۆشەویستیە تایبەتیەکانیشی ناوە بە منداڵانی کوردەوەو ئێجگار گەشبینانەش ڕوانیویەتیە داهاتووی مرۆڤ و زانست و باری شارستانی میللەتەکەمان.

٥- کوردایەتی و هەست بە بەرپرسیارێتی:-

ئەم ژنە مەزنە تا سەر ئێسقان وەك نەتەوەییەکی جوامێرو قارەمان بیری کردۆتەوەو هەر هەموو وزە تایبەتیەکانی لە پێناو وەدەست هێنانی مافی ڕەوای کوردا بە کاربردوەو هەستی بەبەر پرسیارییەکی کەم وێنەکردوە لە ئاست چارە سەرکردنی کێشەو کەم و کوڕیەکانی کۆمەڵدا و ئەوی پێی کرابێت درێغی نەکردوە. نەك هەر لایەنە نەتەوەییەکە بە تەنیا جێ سەرنجی بوە بەڵکو لایەنە چینایەتی و مرۆڤایەتێکەش جێگای گوێ پێدان و کاربۆکردنی بووە.

٦- داهێنان و بڕوا بە خۆبوون:-

زۆربەی هەرە زۆری ئەتەکێت و داب و نەرێتی مەجلیس و میوانداری و کەل و پەلی ئافرەتان و چۆنیەتی ڕازاندنەوەی ناو ماڵ و گەشت و گوزاری بەهاران و... هتد لە ماڵی حەبسەخانەوە بڵاو بۆتەوە وەلاسایی کراوەتەوە وە دیارە ئەمەش سەر لێوە بە بڕوا بەخۆبون لە هەڵوێستو کارو ئەرکەکاندا و بۆتە چەقی خالی ئەتەکێتە نوێکانی شاری سلێمانی.

نامەوێت نموونە بۆ ئەم شەش خەسڵەتە تایبەتی‌یەی کەسێتی حەپسە خان بهێنمەوە، ئەوەی کە بەلامەوە گرنگە، ئەم پێکهاتانەی کەسێتی حەپسە

خان بۆ سوودی خۆی یا بنەماڵەکەی بەکار نەهێنراون. بەڵکو بۆ خزمەتی میللەتی کورد و دواڕۆژی شارستانیەت و مەدەنیەت و ئاواتە ئەرخەوانیەکانی میللەتەکەمان بووە، هەر ئەمەش ئەو دایکە میهرەبانە دەخاتە خانەی نەمرانی کوردەوە.

## ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی وەزارەتی رۆشنبیری لە ساڵی ١٩٩٩ دا چاپی کردوون و هاوکاری کردوون

| ژ | ناوی کتێب | ناوی خاوەن کتێب | جۆری کتێب | جۆری چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سێدارەکانی بەهەشت | قوبادی جەلی زادە | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢ | کوڕژنی خوێن | غەفور ساڵح | رۆمان | - |
| ٣ | مەرگی سوشاب | عەلی کەریم | شانۆیی | - |
| ٤ | بەسەرهاتی کەڵەپیاوێک | وەرگێڕانی حسێن عوسمان نێرگزەجاڕی | ڕۆمان | - |
| ٥ | مێژووی هۆزی جاف | حەسەن فەهمی جاف | مێژوویی | - |
| ٦ | ژوورەکەی دەلیا | ئاکۆ کەریم مەعروف | کورتە چیرۆک | - |
| ٧ | سەرەتایەکی زمان ناسی | میدیا | زمانەوانی | - |
| ٨ | بیلۆگرافیای کورد وکوردستان | ئەکرەم قەرەداخی | ڕۆژنامەگەری | - |
| ٩ | کورد | و . د. عیزەدین مستەفا ڕەسول | مێژوویی | - |
| ١٠ | بەسەرهاتی سیاسی کورد | میرزا محەمەد امین مەنکوری | مێژوویی | - |
| ١١ | ئامیلکەی چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی ١٩٩٩ | ئامادەکردنی فەرید زامدار | ڕۆژنامەگەری | - |
| ١٢ | حەپسەخانی نەقیب | پەخشان جەلال حەفید | مێژوویی | - |
| ١٣ | وتنەوەی بیرکاری پۆل یەکەم و دووەمی سەرەتایی | عەلی ئەحمەد | زانستی پەروەردەیی | - |
| ١٤ | ئینسکلۆپیدیای کیمیا | جەمال عەبدول | زانستی | - |
| ١٥ | کورتەجوگرافیای کوردستان | کەریم زەند | جوگرافیا | - |
| ١٦ | دەفرە فڕیوەکان چین لەکوێوە هاتوون | ساڵح محەمەد | زانستی | - |
| ١٧ | مردووەکان بنێژن | و.یاسین بەرزنجی | شانۆگەری | - |
| ١٨ | میرزا مارف | ئومێد ئاشنا | ژیان و بەرهەمەکانی | - |
| ١٩ | هاواری دڵ | بوار نورەدین | مەزهەری خالقی | - |
| ٢٠ | بابەتەکانی پەروەردەی نوێ | فواد قەرەداخی | پەروەردەیی | هاوکاری |
| ٢١ | وێنەکەی خوشکت | رئوف حسن | کورتە چیرۆک | - |
| ٢٢ | کلوە بەفرەکانی خۆر | هوشیار بەرزنجی | هۆنراوە | - |
| ٢٣ | گوناهەکانی بەفرو سێبەر | محەمەد کاکە ڕەش | هۆنراوە | - |
| ٢٤ | گوێڕایەڵی بۆ ئامۆژگاریەکانی دایەو بابە | و. حەسەن عبدالکریم خانەی منداڵان ب.ک.ڕۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | کوێ درێژ و پاشا | و.لەتیف هەلمەت<br>خانەی منداڵان<br>ب.گ.ڕۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | - |
| ٢٦ | جوان چۆلەکەکان | و.نوری سەعید قادر<br>خانەی منداڵان<br>ب.گ.ڕۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | - |
| ٢٧ | پینەسەروکڵاو | و. جەبار عومەر | | کۆمەك |
| ٢٨ | کیژاوی پۆلەندە | و.بورهان قانع | مێژوویی | چاپکردن |
| ٢٩ | گۆڤاری دایەلۆك | ژمارە(٤) ی گۆڤار | ڕۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٣٠ | گۆڤاری شانۆ | ژمارە(٩) ی گۆڤار | ڕۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٣١ | گۆڤاری ئاران | گۆڤار | ڕۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٣٢ | دیاریەك بۆ یادی سەدویەك ساڵەی ڕۆژنامەگەری کورد | ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا | ڕۆژنامەگەری | کۆمەك |
| ٣٣ | کۆمەڵزانی و کورد | فؤاد طاهر صادق | کۆمەڵایەتی | چاپکردن |
| ٣٤ | باخچە ڕەژووەکانی حەقیقەت | شازین هێرش | هونراوە | چاپکردن |
| ٣٥ | ئاوییەر | صدیق بۆزەکەیی | هونراوە | چاپکردن |
| ٣٦ | هەناسەیەك لە تەنهاییدا | بەناز کوردستانی | پەخشان | چاپکردن |
| ٣٧ | دیوانی ڕەمزی مەلا مارف | ڕەمزی مەلا مارف | هونراوە | چاپکردن |
| ٣٨ | حەپسەخانی نەقیب لە ئاوێنەی مێژوودا | ڕؤوف عثمان | مێژوویی | چاپکردن |
| ٣٩ | ڕۆژنامە نووس | و . مجید صالح | ڕۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٤٠ | مدن کوردیة قدیمة | مەلا جەمیل ڕۆژ بەیانی | مێژوویی | چاپکردن |

**نرخی (٣) دینارە**